# تەلەفيزيۆني حيزب يا هي نەتەوە ... ئەحمەدي مەلا

نهێنییەکانی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەك پاپەندی گەلێ هۆکارە، یەکێ لەو هۆکارانەی کە بە تەواوی لە کۆماڵگای ئێمە جەختی لە سەر نەکراو ئەویش پەیوەندی نێوان حیزب، وەکو ئۆرگانێکی بۆ رێکخستنی کۆمەڵگا و نەتەوەیەکی دیاریکراو. ئەوەی جێی گومان نییە لە کۆمەڵگای ئیمە هێشتا حیزب رۆڵێکی شارستانی، مەدەنی لە رێکخسنی کۆمەڵگادا نەبینیوە، چونکە خۆی لە باروزرووفی ناهەموار دا هاتۆتە کایەوە. بۆیە تاکو ئێستاش نایەوێ وەکو فاکتەرێکی نوێی مەدەنی، (بە قسە بەڵێ، بە کردە نەخێر) زەخمێکی وا بداتە کۆمەڵگا، بەڵکو هەمیشە دەیەوێ گەمەکانی خۆی بشارێتەوە و لە ناوچەکانی سێبەر گەمەیەك بکات و لە ناوچە گشتییەکانیش گەمەیەکی دی!

کاتێك ئێمە، وەکو بینەر گەر بمانەوێ لە دەنگوباسی وڵاتەکەی خۆمان ئاگادار بین، هەمیشە پانا دەبینە بەر ئاژانس و کەناڵە راگەیاندنەکانی دی وەکو ئەوەی لە رێگای کەناڵە تەلەڤزیۆنییە خۆماڵییەکانی خۆمانەوە ئاگاداری دونیا سیاسی خۆمان بین. بۆیە وەکو سەرچاوەیەك تا ئێستا نەیتوانییەوە بڕوا دەکەم ناشتوانی بە شێوەیەکی شەفاف، بێلایەن دەنگوباسەکانمان بۆ بگوازێتەوە .

تەلەڤزیۆن هەندە وەکو ئۆرگانێکی حیزبی مامەڵەی لە گەڵ دەکرێت، هەندە وەکو ئامرازێك بۆ بڵاوکردنەوەیەکی بێلایەن مامەڵەی لە گەڵ نەکراوە. ئەمە جۆرە مامەڵەکردنەش هەڵبەتە پاشماوەی کەلەپووری رژێمە شموولییەکانە .

لێرە تانها هەڵوێستە لەسەر ناوەرۆك دەکەین، ئەگینا لایەنی هونەری کە پەیوەندی بە پیشاسازی تەلەڤزیۆنەوە هەبێت، چاکترە پسپۆرانی خۆی لەم بارەیەوە بدوێن. هەڵبەتە کەلێنی زەق زەق لە تەحقیقی هونەری دا هەن!

لە سیستەمە دیموکراسییەکان دا دوو جۆرە تەلەڤزیۆن هەن: یەکێکیان سەر بە دەوڵەتە و ئەوەی دیکەشیان خسوسییە. تەلەڤزیۆنی دەوڵەتی و تەلەڤزیۆنی خسووسی هەمان یاسایان بە سەر تەتبیق دەبێت ئەویش یاساکانی ئۆدیۆڤیزوێلە واتە ئەو ئاسایانەی کە پەیوەندیان بە بینین و بیستنەوە هەیە. کاتێك دەڵێن دەوڵەتی ئەم واتایە لە گەڵ مەفهوومی حیزبی دوو شتی جیاوازن. هەندێ چەمك هەن کە لە ناوچەکەی ئێمە تێکەڵوپێکەڵی یەکتر دەکرێن و لە کۆتایی دا دەبێتە شتێکی ئاڵۆزکاو کە تەنها گێرەشێوی دێنێتە بەرهەم .

بۆ نموونە سنوورەکانی حیزب لە مامەڵەکردنی دا لە گەڵ دەزگاکانی تەلەڤیزیۆن وەکو لاپەڕەیەکی ئۆرگانی خۆی سەیری دەکات، ئەمە لە حەڵەتێك دا مەرج نییە هەموو تەماشاکەران تەبا بن لە گەڵ هێڵە گشتییەکانی ئەو ئۆرگانە. کاتێك حیزبێك چمکی دەسەڵات دەگرێتە دەست (کە لە لای ئێمە تاکو ئێستا ئەم دیاردە تەندرووستە نەهاتۆتە کایەوە) ئەو کات دەبێ نوێنەرایەتی هەموو میللەت بکات. هەموو میللەتیش لە بلۆکێکی رەقوتەقی بێگیان دروست نەبووە، بەڵکو لە تەزوو و رێباز و بۆچوون هەستی جوداواز پێکدێت. بینەر دەیەوێ ئەم هەمەرەنگییە لە سەر شاشەکەی ببینی. ئەمەش هەڵبەتە لە هەموو بوارەکان دا. سیاسی، رۆشنبیریی، هونەری، راپۆرتاژ، چاوپێکەوتن، دەمەتەقێ و دیالۆگ هتد .

ئێمەی بینەر کاتێك سەیری هەردوو تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەکەی کوردستانی عێراق دەکەین،

هەست دەکەین بەرامبەر بە سەکۆی حیزب دانیشتووین. ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات بینەر دەتارێنێ و تەنها هەڤاڵانی مەئیووس بەرامبەر بەم شاشە رەجاڵە دەمێننەوە. مەبەستمان لە دەرخستنی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە دەبێ بەرێوەبەرانی هەردوو تەلەڤزیۆنەکە زۆر بە جیددی بە خۆیانا بچنەوە و دونیا تەنها لە کوونی دەرگای ماڵەوە نەبینن. نموونە گەلێك زۆرن:

١- ئایا کوردستان ناوچەیەکی دیموکراتە یا نا؟ ئەگەر دیموکراتە دەبێ بە لایەن کەم رۆژی جارێك گوێمان لە رەخنە و سەرنجی جیا بێت کە نا تەبایی خۆی بەرامبەر بە حیزبی حاکیم بەیان کات. چ گوێگرتن لە هاووڵاتیان، چ گوێگرتن لە حیزبەکانی دی .

٢- ئەمە پەیڕەوی دەکرێ تەنها لا باری ئیستیسنا. بۆ نموونە کاتێك هێرشی دەرەکی بۆ سەر حیزبی دەسەڵاتدار زیاد دەکات، دەبینین لە کوونی تەلەڤزیۆنەکەوە دەنگی دیکە دێتە کایەوە و هەر بە نەمانی ترسە دەرەکییەکە دەنگی ئەوانیش نامێنێن. ئەمە گەمەیەکی دووبارە بووی بێ کەڵکە لە سەر ئاستی خەملاندنی دیدی دیموکراسی و پەروەردەی دیمەکراسی .

٣- سڕینەوەی تا رادەیەکی کۆمپلێتی دەنگی رۆشنفیکرانی سەربەخۆ .

٤- کاتێك باسی مێژوو دەکرێت. مەبەست مێژووی کوردستانە. هەمیشە باس دوو مێژوو دەکرێت. واتە دوو مێژووی دوو حیزب. نەك مێژووی میللەتێك. ئەم بینینە ترسناکترین تێڕوانینە. هەر تەلەڤزیۆن و بە کورتبینی خۆی مێژوو دەنووسێتەوە. ئەم سیستەمی رژێمە شموولییەکانە!

٥- موخاتەبەکردنی سۆز و هەستی ناسکی بینەران و گوێ نەدانە پەروەردەیەکی زانستی. زۆر جار تەلەڤزیۆن دەبێتە شوینی شین یا شایی. زۆرجاریش بە بێ مووناسەبە .

٦- دەنگوباس لە دەستی دووەوە، یا لە دەستی سێوە دەگاتە بینەران. زۆرجار ئەم هەواڵانە رۆژێك پێشتر لە کەناڵەکانی دی بینراون. وەرگرتنی دەنگوباسی خۆماڵی لە کەناڵەکانی دییەوە، وەکو ئەوەی رۆژنامەوانی بیانی زیاتر بە ئاگابن لە رۆژنامەوانی ئێمە سەبارەت بە باردۆخی خۆمان!!!

٧- پێداگرتنی زیاد لە پێویست بۆ فۆلکلۆر و فۆلکلۆر و نەکرانەوە بەرامبەر بە ئاسۆ نوێیەکانی هونەر و گۆرانی .

٨- کۆشکی سەرۆکایەتی وەکو دیوەخانە و جەختکردنە سەر فلان هات و فلان رۆیی، بە بێ ئەوەی بینەران ئاگادار بکرێنەوە لەم هەموو هاوچوونە. هەمیشەش بەم هەواڵە بێسوودانە دەنگوباس پڕ دەکرێنەوە. ئەوەی ئێمە دەمانەوێ زانیارییە زیاتر وەك لە خۆ دەرخستن .

٩- لێدان و لێدانەوەی چەند راپۆرتاژێك ئەویش بە مەبەسی زۆر دیاریکراو. دەرخستی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بە شیوەیەکی زۆر پڕوپاگەندەیی نەك لە پێناو خزمەت دا .

١٠- دەرخستنی وێنەی سەرۆك، سەرکردە، سکرتێر زیاد لە پێویست .

١١- دەرخستنی بێوچانی سروشتی کوردستان. بە بێ ئەوەی هیچ حیکمەتێکی هەنەری یا زانیاری لە پشتەوە بێت. (بۆچی ئەم دیاردانە تەنها لە تەلەڤزیۆنە کوردییەکان بەدی دەکرێت؟ ئایا ئەمە تەعبیر لە گرێیەکی کوردی ناکات؟ (

١٢- نەبووی هیچ جۆرە ریتمێك لە بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکان. لە پڕێکدا پرۆگرامێ دەوەستێ و لە پڕێکدا دێتەوە سەر سەکۆ. بە بێ ئەوەی بینەران ئاگادار بکرێنەوە .

١٣- کردوەیەکی تیرۆریستی بەسە بۆ ئەوەی چەند مەلایەك داوەت بکرێن و خەڵکی ئێرشاد بکەن و لە پڕێکدا نە مەلا دەمینێ نە مزگەوت .

١٤- روودانی کردەیەکی چارەنووسازی و سرووده قەمییەکان دێنەوە سەر شاشە و بە نەمانی

کردەکە شریتەکان دەخرێنەوە سەر رەفەکان .

دەکرێ دە ئەوەندەی دیکە خاڵ زیاد بکرێن. بەڵام ئەگەر ئەم چەند نموونانە بەس نەبن، چ سوودێکی هەیە لە درێژدادڕی .

ئەوەی بینەری خۆشەویست و هێژا دەیەوێ: تەلەڤزیۆنیکی میللییە و جوداوازییە حیزبی و کولتووری و هونەری تیا رەنگداتەوە. تەلەڤزیۆنی تەعبیرێکی سادیقانە لە حالەتی ئێمڕۆامان بکات و زانیاریمان بداتێ و گوێمان بە گۆرانی کۆن و نۆێ زاخاو بدات و هەمیشە پەنجەرەیەکیش بێت بەرەو داهاتوو. تەلەڤزیۆنێك کە بتوانێ کورتخایەنی حیزب و بەردەوامی رۆحی میللەتی تیا رەنگ بداتەوە نەك بە پێچەوانەوە. دیموکراسی راستەقینە ئەگەر لە سەر شاشەکانمان رەنگ نەداتەوە، ئەوە تەنها دووبارە کردنەوەی تێرمی دیموکراسییەو بەس، چونکە دیموکراسی مومارەسەیە نەك خیتابێکی تووتی ئاسایانەی بێ ناوەڕۆك .